# بەشی دووەم

# پرۆگرامەئامادەکراوەکان

# مایکرۆسۆفت ۆرد2007

# Application Program Microsoft Word2007

## پرۆگرامە ئامادەکراوەکان ( Application Program )

مەبەست لەپرۆگرامە ئامادەکراوەکان ئەو پرۆگرامانە ن کەئامادەکراون بۆ ئەنجامدانی کارێکی دیاری ک راو وەك پرۆگرامی مایکرۆسۆفت ۆرد، پرۆگرامی مایکرۆسۆفت ئەکسڵ ، پرۆگرامی مایکرۆ سۆفت ئەکسس ، پرۆگرامی فۆتۆشۆپ ، پرۆگرامی میدیا ستۆدیۆ ، پرۆگرامی ئەکرۆبات ......هتد

*** *** ***

## مایکرۆسۆفت ۆرد ( پرۆگرامی چارەسەری وشە )

پرۆگرامی ۆرد پرۆگرامێکە زیاتر بۆ نووسین وکاری ن ووسینی پێدەکرێت وبەپرۆگرامی "چارەسەری وشە" ناسراوە بەڵام بەتوانایەکی زۆر پێشکەوتوو هەرچەند لای زۆربەی زۆری بەکارهێنەران پرۆگرامی ۆرد وەك (طابعة)ی پێشان بەکاردەهێنرێت بەڵام لەڕاستیدا ئەمە زۆر هەڵەیە چونکە پرۆگرامی ۆرد توانا و ئیمکانیاتی زۆری تێد ایە بۆ کارکردن لەهەموو بوارێکدا وەك دیزاین کردن و وێنەدروستکردن و دانانی هاوکێشەی بیرکاری و ...هتد.

### بنەما سەرەکییەکانی نووسین لە پرۆگرامی مایکرۆ سۆفت ۆرد :

پرۆگرامی ۆرد یەکێکە لەپرۆگرامە گرنگەکانی کۆمپیوتەر کە کاری نووسینی پیێ ئەنجام دەدرێت هەر بۆیە ئەو ڕێساو بنەماو تایبەتمەندیانەی کە لەنووسینی سەر کاغەزدا هەیە دەبێت لەپرۆگرامی ۆردیشدا ڕەچاو بکرێن ئەمانەش گرنگترین ئەو ڕێسایانەن:

1. **ئاڕاستەی نووسین**: دەبێت ئاڕاستەی نووسین لەپرۆگرامی ۆرد هاوتەبا بێت لەگەڵ نووسینی سەر کاغەز بۆ نمونە ئاڕاستەی نووسینی زمانی ئینگلیزی لەچەپەوە بۆ ڕاستە دەبێت بەهەمان شێوە لە پرۆگرامی ۆرد کاتێك نووسینێکی ئینگلیزیمان نووسی ئاڕاستەی نووسینەکەمان لە چەپەوە بۆ ڕاست بێت، یان کاتێك نووسینێکی کوردی دەنووسین دەبێت ئاڕاستەی نووسینکە لەڕاستەوە دەست پیێ بکات. بۆ ئەنجامدانی ئەمکارە لەسەر کیبۆرد هەردوو دوگمەی (Shift) و(Ctrl)لای ڕاست پێکەوە دادەگرین ئاڕاستەی نووسینکەمان دەکاتە کوردی واتە لەسەر شاشەی پرۆگرامی ۆرد نیشاندەری کارسەر دەگوێزێتەوە بۆ لای ڕاست، هەروەها بۆ گۆڕینی ئاڕاستەی نووسین بۆ زامانی ئینگلیزی هەردوو دوگمەی (Shift) و(Ctrl)لای چەپ پێکەوە دادەگرین ئاڕاستەی نووسینکەمان دەکاتە ئینگلیزی واتە لەسەر شاشەی پرۆگرامی ۆرد نیشاندەری کارسەر دەگوێزێتەوە بۆ لای چەپ. بەڵام بۆ گۆڕینی نووسین واتە نووسین بە پیتی عەرەبی یان بەپیتی ئینگلیزی هەردوو دوگمەی (Shift) و(Alt) پێکەوە دادەگرین.
2. **بەکارهێنانی ( سپەیس Space ) بۆشایی**: لەنێوان وشەیەك و وشەیەك یاخود بڕگەیەك و بڕگەیە دەبێت تەنها یەك بۆشایی "Space" هەبێت، بۆ دانانی بۆشایی لەنێوان وشەکان یاخود بڕگەکان بەهۆی دوگمەی (Space) کە گەورەترین دوگمەیە لەسەر کیبۆرد ز واتە نابێت لە بۆشیاییەك زیاتر هەبێت لەنیوان دوو وشە یاخود دوو بڕگە.

3. دێڕی تازە: بۆ دروستکردنی دێڕی تازە بەهۆی دوگمەی (Enter) ئینتەر لەسەر کیبۆرد دەتوانین چەند دێڕی تازەمان بوێت دروستی بکەین واتە هەموو ئینتەرێك دێڕێکی تازەمان بۆ دروست دەکات.

4. **جوڵاندنی کارسەر**: بۆ جوڵاندنی کارسەر لەنێوان دێڕو پیت و وشەکان بەهۆی چوار سەهمەکەی سەر کیبۆرد دەتوانین بەهەر ئاڕاستەیەك بمانەوێت کارسەر بجوڵێنین، هەروەها دەتوانین بەهۆی دوگمەی (Home) کارسەر بگوازینەوە بۆ سەرەتای دێر وە هەروەها دوگمەی (End) کارسەر دەگوازێتەوە بۆ کۆتایی دێڕ . هەرەوەها بۆ گواستنەوەی کارسەر بۆ سەرەتای نووسین (Ctrl+Home) ، بۆ گواستنەوەی کارسەر بۆ کۆتایی نووسینەکان (Ctrl+End).

5. **سڕینەوە**: بۆ سڕینەوەی پیت و بڕگەکان هەردوو دوگمە ی (Backspace)و (Delete) بەکاردەهێنین بەجۆرێك هەموو پیت و نووسینەکانی لای ڕاستی کارسەر بەهۆی دوگمەی (Backspace) دەسڕێنەوە، هەموو پیت و نووسینەکانی لای چەپی کارسەر بەهۆی دووگمەی (Delete) دەسڕێنەوە.

**دەستنیشان کردن** Selection:

دەست نیشانکردن یاخود "سەلێکت" ڕۆڵێکی زۆرگرنگی هەیە لەپرۆگرامی مایکرۆسۆفت ۆرد چونکە زۆربەی زۆری کۆماندەکانی شریتی فۆرماتین "ڕێکخستن" و هەندێك لەکۆماندەکانی تر بەبێ سەلێکت کردن کارەکە جێبەجێ ناکرێت، بۆیە زۆر گرنگە فێری شێوازەکانی دەستنیشان کردن ببین.

بۆ دەست نیشان کردنی نووسینەکان لەپرۆگرامی ۆرد دوو ڕێگامان هەیە:

**دەستنیشان کردن بەماوس** Selection by Mouse:

* **دەست نیشان کردنی وشەیەك**: بۆ دەست نیشانکردنی وشەیەك دەبڵ کلیك لەسەر ئەو وشەیە دەکەین کە مەبەستمانە دەست نیشانی کەین.

* **دەست نیشان دێڕێك**: بۆ دەستنیشان کردنی دێڕك پۆینتەر دەبەینە سەر مارجنەکە "Margin" و پاشان یەك کلیك بەرامبەر ئەو دێڕەی کە دەمانەوێت دەستنیشانی کەین.

**دەست نیشان کردنی پەرەگرافێك**: بۆ دەستنیشان کردنی پەرەگرافێك پۆینتەر دەبەینە سەر مارجنەکە"Margin" و پاشان دەبڵ کلیك بەرامبەر ئەو پەرەگرافەی کە دەمانەوێت دەستنیشانی کەین.

***دەست نیشان کردنی هەموو**: بۆ دەستنیشان کردنی هەموو نووسینەکان پۆینتەر دەبەینە سەر مارجنەکە "Margin" و پاشان سێ کلیك بەخێرای دەکەین.

**دەستنیشان کردن بە کیبۆرد** Selection by Keyboard


* **دەست نیشان کردنی وشەیەك یان کۆمەڵە وشەیەك** بۆ دەست نیشان کردنی وشەیەك بەهۆی کیبۆرد دەبێت کارسەرەکە لە سەرەتا یاخود کۆتای وشەکە بێت پاشان پەنجە لەسەر دوگمەی شیفت"Shift" دادەنێن وپەنجەی لەسەر هەڵناگرین و لەگەڵ بەکارهێنانی سەهمەکان بەو ئاڕاستەیەی کە دەمانەوێت نووسینەکانی لێ دەست نیشان بکەین.

* **دەست نیشان کردنی دێڕێك:** بۆ دەست نیشان کردنی دێڕێك بەهۆی کیبۆرد دەبێت کارسەرەکە لە سەرەتا یاخود کۆتای دێڕەکە بێت، ئەگەر کارسەر لە سەرەتای دێڕەکە بوو دوگمەی شیفت"Shift" و "End" ئەگەر کارسەر لەکۆتایی دێڕ بوو دوگمەی شیفت"Shift" و "Home" دادەگرین.

**دەست نیشان کردنی هەموو:** بۆ دەست نیشان کردنی هەموو نووسینەکان بەهۆی کیبۆرد دەست لەسەر دوگمەی "Ctrl"دادەگرین و پەنجەی لەسەر هەڵناگرین لەگەڵ پیتی "A".

## شریتی لیستەکان Menu bar

### لیستی Home




1. بڕین یاخود گواستنەوەی نووسینێك (Cut) =========== Ctrl - X
2. کۆپیکردنی نووسێنك (Copy) ================= Ctrl - C
3. دانانەوە لەپاش بڕین یاخود کۆپیکردن (Paste) ======== Ctrl - V
4. بۆ گۆڕینی جۆری خەتەکان (فۆنت)
5. بۆ گۆڕینی قەبارەی خەتەکان (فۆنت)
6. تۆخکردنی نووسین (Bold) ================== Ctrl - B
7. لار کردنی نووسین (Italic) ================== Ctrl - I
8. هێڵهێنان بەژێر نووسین دا (Under line) =========== Ctrl - U
9. هێڵهێنان بەناو نووسینەکەدا
10. هایلایت کردنی نووسین (Highlight)
11. گۆڕینی ڕەنگی نووسین (Font Color)
12. بۆگەورەکردنی قەبارەی نووسین
13. بۆبچوکردنی قەبارەی نووسین




14.بۆ دانانی خاڵ یان هێما لە شێوەی ریزبەندی

15. بۆ دانانی ژمارە

16. بۆ بردنی پەرەگرافێك بۆ لای چەپ

17. بۆ بردنی پەرەگرافێك بۆ ناوەراست

18. بۆ بردنی پەرەگرافێك بۆ لای راست

19. بۆ رێکخستنی پەرەگرافێك

20. بۆ گۆڕینی بۆشایی نێوان دێرەکان

21.بۆ هایلایتکردنی باکگراونی پەرەگرافێك

22.دیاریکردنی لاکانی خشتەیەك

23.بۆ رێکخستنی ناو بەپێی (ئەلفە بێت)

.24


25. بۆ گۆڕینی ئاراستەی نووسین بۆ لای چەپ

26. بۆ گۆڕینی ئاراستەی نووسین بۆ لای راست

27. بۆ گورینی ستایلی نووسین

28. بۆ دۆزینەوەی وشەیەك لە ناو دۆکمێنتێکدا

شريتی Insert




1- بۆ دانانی بەرگ بۆ دۆكیومێنت

2- بۆ زیاد كردنی لاپەرەیەكی بەتاڵ

3- بۆ دەستپێكردی نوسین لە پەرەیەكی تر

4- بۆ دروستكردنی خشتە

5- بۆ هێنانی وێنە بۆ ناو ووۆرد

6- بۆ هێنانی برگەی هونەری  بۆ ناو ووۆرد

7- بۆ دانانی شێوەی جۆراو جۆر بۆ دۆكیومێنتەكە

8- بۆ دانانی دیاگرام بۆ دۆكیومێنتەكە

9- بۆ دانانی هێلكاری بۆ دۆكیومێنتەكە

10- بۆ دانانی لینكی  پێگەیەك

11- بۆ ئاملژەكردن بە نووسینێك لە ناو دۆكیومێنتەكە

12- ____________

13- بۆ دانانی هێدەر بۆ بەشی سەرەوەی لاپەڕەکە


14- بۆ دانانی فوتەر بۆ بەشی خوارەوەی لاپەڕەکە ( هامیش)

15- بۆ دانانی زنجیرە یان ژمارە بۆ دۆکیومێنتەکە

16- بۆ دانانی بۆکسی نوسین


17- ____________

18- بۆ نوسینی بەشێوەیەکی هونەری







شریتی فۆرماتین .Formatting





1. ستایلی نووسین (Style)
2. جۆری خەت (دەست خەت) (Font)
3. قەبارەی نووسین (Font Size) =============== ] Ctrl یان [ Ctrl
4. تۆخکردنی نووسین (Bold) ================= Ctrl - B
5. لار کردنی نووسین (Italic) ================= Ctrl - I
6. هێڵهێنان بەژێر نووسین (Under line) ========== Ctrl - U
7. گواستنەوەی نووسین بۆ لای چەپ (Align Lift) ===== Ctrl - L
8. گواستنەوەی نووسین بۆ ناوەند (Center) ========== Ctrl - E
9. گواستنەوەی نووسین بۆ لای ڕاست (Align Right) === Ctrl - R
10. ڕێکخستنی نووسین (Justify) =============== Ctrl - J
11. گۆڕینی ئاڕاستەو نووسین بۆ زمانی ئینگلیزی (Lift.to.Right) ====== Shift - Ctrl لای چەپ
12. گۆڕینی ئاڕاستەو نووسین بۆ زمانی عەرەبی (Right.to.Lift) ======= Shift - Ctrl لای ڕاست
13. خاڵبەندی و ژمارە دانان بۆ نووسین (Numbering and Bullets)
14. هایلایت کردنی نووسین (Highlight)
15. ڕەنگی نووسین (Font Color)

**شریتی تەیبڵ و بۆردەر** (Tables and Borders)




1. دروست کردنی خشتە بەدەست (Draw table)
2. ئیرسەری خشتە (Eraser)
3. جۆری هێڵ (Line Style)
4. قەبارەی هێڵ (Line Weight)
5. ڕەنگی هێڵ (Border Color)
6. لابردن یان دانانی هێڵ (Outside Border)
7. ڕەنگی خانە (Shading Color)
8. دروستکردنی خشتە (Insert Table)
9. لێکدانی خانە (Merge Cells)
10. دابەشکردنی خانە (Split Table)
11. ئاراستەی نووسینی ناو خانە (Align Top Lift)
12. یەکسانکردنی ڕیزەکان (Distribute Rows Evenly)
13. یەکسانکردنی ستوونەکان (Distribute Column Evenly)
14. دایرێکشنی نووسین (Chang text Direction)
15. فەرزکردن لەبچوکەوە بۆ گەورە (Sort Ascending)
16. فەرزکردن لەگەورەوە بۆ بچوک (Sort Descending)
17. کۆکردنەوە (Auto Sum)

**شریتی دراوین** (Drawing)





1. دەرخستنی لیستی دراو (Draw)
2. دەستنیشان کردنی ئۆبجێکت (Select Object)
3. دەرخستنی لیستی شێوەی ئامادەکراو (Auto Shape)
4. دروستکردنی هێڵ (Line)
5. دروستکردنی سەهم (Arrow)
6. دروستکردنی چوار لا (Rectangle)
7. دروستکردنی بازنە (Oval)
8. تێکست بۆکس بەشێوەی ئاسۆیی (Text Box)
9. تێکست بۆکس بەشێوەی ستونی (Vertical Text Box)
10. نووسین بەشێوازی هونەری (Insert WordArt)
11. هێنانی کلیپ ئارت (Insert ClipArt)
12. هێنانی وێنە (Insert Picture)
13. ڕەنگکردنی ناو شێوەیەک (Fill Color)
14. ڕەنگکردنی چوارچێوەی شێوەیەک (Line Color)
15. ڕەنگی نووسین (Font Color)
16. ستایڵی چوارچێوە (Line Style)
17. ستایڵی داش (Dash Style)
18. ستایڵی تیر (Arrow Style)
19. ستایڵی سێبەر ( Shadow Style)
20. ستایڵی سێ دووری (مجسم) (3.D Style)

## پاشەکەوتکردن "Save"

بەکارهێنەر ڕۆژانە چەندین کاری جۆراوجۆر ئەنجام دەدات لەپرۆگرامی وۆرد هەر بۆیە وا پێویست دەکات ئەوکارانەی کەپێویستن دەبێت لەناو هارددیسك یاخود لەهەربەشێکی تر لەیەکەکانی هەلگرتن و پاراستنی زانیارییەکان پاشەکەوت بکرێن یاخود بابلێن سەیڤ بکرێن.

بۆئەنجامدانی ئەمکارە ئەم هەنگاوانەی خوارەوە جێ بەجێ دەکەین:

1. کلیك لەسەر "File" پاشان "Save" ئەم ویندۆیە دەکرێتەوە:




2. نووسینی ناوێك بۆ فایلەکەت.

3. دەستنیشانکردنی ئەو بەشەی فایلەکەی تێدا سەیڤ دەکەیت.

4. کلیك لەسەر سەیڤ.

## ئامادەكردنی لاپەڕە"Page setup"

یەكێك لەكارە گرنگەكان ناوپرۆگرامی ۆرد ئامادەكردنی لاپەڕەیە"Page setup" چونكە پێویستە بەكارهێنەری كۆمپیوتەر پێش ئەوەی دەست بەهیچ كارێك بكات سەرەتا دەبێت لاپەڕەكەی بەجۆرێكی وا ئامادە بكات كە بگونجێت لەگەڵ كارەكەی بۆ ئەنجام دانی ئەمكارەش لەناو لیستی "Flie" كلیك لەسەر "Page setup" دەكەین ئەم ویندۆیەی خوارەوەمان بۆ دەردەچێت:

Portrat: باری درێژی

Landscape: باری پانی

